# دەفتەرەکانی باخەڵم

# دەفتەرەکانی باخەڵم

## شیعر

حەمە عەباس

٢٠١٨

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاْوکردنەوە

- **دەفتەرەکانی باخەڵم**
- حەمە عەباس
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: خانی (دهۆك)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (٥٤٤) لەساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٩٨٢)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com
**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# دەفتەری مردن

دەمەویێ بمرم و
ژیان لێناگەڕێ

دەمەوێ بژیم و
مردن لێناگەڕێ

هیچ شتێک بەدەست خۆم نیە
هیچ.. هیچ

خۆم خۆشدەوێ
تۆش
لەبەر خۆم نا
لەبەر تۆ
خەریکە
ژیان بخەمە ناو لیستی رەشەوە

دڵم تەنگە
دەترسم بمرم و
پەرداخێک لە تاریکایی
کە تۆی تیایە
هەڵنەدەم و
پێکەکەم پڕ پڕ
لەسەر مێزێکی بەتاڵ جێبمێنێ و
من
بەدیار تۆوە جێنەمێنم

مردن بە هەموو ئازارەکانیەوە
خۆشترە لە ژیان
هەر هیچ نەبێ لەوێ
نە ئازایەکی لەشت دێشێ
نە کەسێک دەناسیت
لە ناسینی پەژیوان ببیتەوە

لەگەڵ خۆتانم ببەن  منیش برسیمە
لەگەڵ خۆتانم ببەن  منیش پێڵاوم دڕاوە
لەگەڵ خۆتانم ببەن  منیش خەوم دێ
لەگەڵ خۆتانم ببەن
منیش حەزدەکەم خەون ببینم
لەگەڵ خۆتانم ببەن
منیش لێرەم
منیش دەزگیرانێکم هەیە چاوەڕێم دەکات
لەگەڵ خۆتانم ببەن
منیش حەزم لێیە پیچەکی دیش بژیم
لەگەڵ خۆتانم ببەن
منیش مرۆڤم مرۆڤ
ئەی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆتانم ببەن
لەگەڵ خۆتانم ببەن
لەگەڵ خۆتان
لەگەڵ
ل

لەگەڵ هەر بارانێکا دەبارم
لەگەڵ هەر بارانێکا دەبێ بمرم
دەبێ پەلە بکەم لە مردن
دەبێ لەگەڵ مردن ئاشت ببمەوە
دەبێ مردن داوەت بکەم بۆ ئاهەنگی جوانترین شەوی خۆم
دەبی لەسەر لافیتەیەکی گەورە بەخێرهاتنی مردن بکەم
نابێ قەت بە مردن بڵێم شەوت شاد
نا
مردن شەوی نیە
ئەگەر هەیشی بێ
بێ شەوشادی من هەر شادە
بێ شەوشادی من کارە جوانەکانی خۆی هەر دەکات
مردن مردنە . نەک شتی تر

عەشق دەڕژێ
کەس نیە کۆی بکاتەوە
من دەمرم
سەدان کەس بۆ ناشتنم دێن
عەشق چەند هیچە
مردن چەند شکۆدارە!!

دەمویست بچمە ژوورەوە
ڕێنیشاندەر
ڕێگای چوونەدەرەوەی نیشاندام
مردن وا لە دەرەوەیە.. مردن

منداڵەکە سەرمای بوو
دایکی منداڵەکە لە سەرما هەڵدەلەرزی
هەردووکیان خۆیان بە ساردیی یەکتر گەرم دەکردەوە
ئێستا سەرمایان نییە

منداڵەکە برسیی بوو
دایکی منداڵەکە لەبرسا وشکتربوو لەخۆی
هەردووکیان خۆیان بە برسێتیی یەکتر تێر دەکرد
ئێستا برسی نین

دەپرسم
لە خوا
لە خاک
لە مردن
چی بوو گەرمی کردنەوە
کێ بوو تێری کردن؟!!

تۆزێک مردن
بۆ تامگۆڕکێی ژیان
تۆزێک ژیان
بۆ تەریقکردنەوەی مردن
خەوم دێ
لە زڕانی خەوی خۆم
نیگەرانیم دەدرەوشێتەوە
دەدرەوشێتەوەو
تاڵ.. تاڵ درەوشانەوە دەچێژم
تاڵێک ژیان
تاڵێک مردن
دوودڵ ماوم!!

ڕەنگە مردن نەهێڵێ ئەم دێرە تەواو بکەم
کە ئێستا دەینووسم
دوور نیە دەرفەتم بدا
چەند کتێبێکیش بنووسم
کتێبە نەنووسراوەکانم زۆرن
پێی بڵێن
بە مردن بڵێن
هێشتا کتێبی عەشقم تەواو نەکردووە

وەک مردن
کە هەمیشە بەدوامانەوەیە
وەک خۆمان
کە هەمیشە لە مردن هەڵدێین
ژیان
بۆ گۆڕستان بە لاڕێماندا دەبات و
مردن
دەمانهێنێتەوە

له دووره‌وه بۆ سێبووریی من هاتووه
شاره‌که‌م نادۆزێته‌وه
هاتۆته شاره‌که‌م و ماڵه‌که‌م نادۆزێته‌وه
هاتۆته ماڵه‌که‌م و ژووره‌که‌م نادۆزێته‌وه
هاتۆته ژووره‌که‌م و
ئه‌م کونه‌فیراره نادۆزێته‌وه
که له‌ترسی ژیان
خۆم تێدا شاردۆته‌وه

هەمیشە هەستدەکەم
مردنێک قەرزارم
بۆیە دوو مردنم لەپێشە
ژیان ناتوانێ یەکیانکاتەوە
یا هەر هیچ نەبێ کاڵیانکاتەوە

لەمێژە بە ژیانەوە سەرقاڵم
دەمەوێ هەندێکیش
بیر لە مردن بکەمەوە
تا ژیان هەموو تەمەنمی
نەخستۆتە ناو زبڵەوە

دەبوایە زووتر بمرم
بەڵام ئامادە نەبووم بۆ مردن
مردنیش کات و ساتی خۆی هەیە
چۆن دەبێ مرۆڤ بمرێت
بەرلەوەی گەردنی خۆی بە ژیان ئازاد بکات و
دان بەوەدا بنێت کە جوان ژیاوە

ژیان بە گۆچانێکی شلکەوە
بە مردن پێدەکەنێ
مردن
بە هەورێکی تەنک تەنکەوە دەگری
دەگری و
فرمێسکی دەوەرێ
وەک وەرینی من
لە نەبوونی شەوێکی
تاریک تاریک

جاروبار فشەم بە دنیا دێ
جاروبار دنیا فشەی پێمدێ
جاروبار لە مردن هەڵدێم
جاروبار مردن لە من هەڵدێ
جاروبار جامێک مەی تەفروتونا دەکەم
جاروبار جامێک مەی تەفروتونام دەکا
جاروبار دەنووم و هەڵدەستمەوە
جارێک
تەنها جارێک
دەنووم و هەڵناستمەوە

# دەفتەری شێواوی

نیشتمان باوێشک دەدا
لێناگەڕێن سەرخەوێک بشکێنێت و
بۆ ژیان تێهەڵچێتەوە
نیشتمان هەڵدەستێ
لێناگەڕێن پیاسەک بەناو باخچەکەیدا بکات و
ڕەنگێک لەخۆی هەڵسووێ
نیشتمان دادەنیشێت و
هەقایەتی زەلیلی بۆ منداڵەکانی دەگێڕێتەوە
منداڵکانی قاقا پێیپێدەکەنن
ئەویش هەر دەگری...

نیوەی عومرم مەست
نیوەی عومرم خەو
نیوەی عومرم پیاسە
نیوەی عومرم شیعر
نیوەی عومرم گوێگرتن لە گۆرانی
نیوەی عومرم مردن و زیندووبوونەوە
نیوەی عومرم یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانم
نیوەی عومرم نووستن لە ئامێزی ژن
نیوەی عومرم شەڕکردن لە پێناوی وڵات
نیوەی عومرم هەڵاتن لەدەست دوژمن
نیوەی عومرم پەلاماردانی نان
نیوەی عومرم سووتان لەناو بەفر
نیوەی عومرم کۆچ بەرەو ئەوێکان
نیوەی عومرم
نیوەی عومرم
نیوەی عومرم
هەرچەند دەکەم
ناتوانم نیوەکانی خۆم کۆبکەمەوە

خوشکەکەم سێ جار تەڵاقدرا
جاری یەکەم لەسەر سیاسەت
جاری دووەم لەسەر نامەیەکی مۆبایل
جاری سێیەم لەسەر فرۆشتنی گوارەکەی خۆی
بێ ئەوەی پرس بە مێردەکەی بکات
ئێستا لە مێردێک دەگەڕێ
کەمێک لەوانەی پێشووی ناپیاوتر بێ

شەڕ دەستپێدەکات و کۆتایی نایە
ژیان کۆتایی دێ و دەستپێناکاتەوە
ڕوو لەشەڕو
پشت لە ژیان
مردن شەرم لە کەس ناکات
کەس شەرم لە ژیان ناکات
ژیان بۆ هاتنە ژووەرەوە
دەرگای کەس لە ڕێسمە نابات
بەم هەموو قوفلانەوە جەنجاڵم
جەنجاڵتر

پەپوولەلەباخچەکەتدا سەما دەکا
تۆ
لەناو دەفتەری یادەوەریتا دەیکەیتە تابلۆ
چما خۆشەویستی وایە!!

هەندێ کەس لەماڵەوە پۆلیسن
هەندێ کەس لەماڵ دەچنەدەرەوە
بۆ ئەوەی ببنەپۆلیس

هەندێ کەس لەماڵەوەشاعیرن
هەندێ کەس لەماڵ دەچنەدەرەوە
بۆ ئەوەی ببنەشاعیر

هەندێ کەس لەماڵەوەخەویان دێ
هەندێ کەس لەماڵ دەچنەدەرەوە
بۆ ئەوەی سەرخەوێک بشکێنن

من تەماشای هەموویان دەکەم
قاقا پێدەکەنم و
هۆق هۆق
بەسەر ئەستێرەو وشەو بالیف و شتی تریش
دەزانن چیدەکەم؟!

خەتێکی ڕاست
خەتێکی چەوت
ڕوخسارێک
کەس نازانێ کەی مردووە
بڕۆ
باژۆ
بەرەو خەونی کەسێک کە
خەوت و نەخەوت
ئای لە خەوتن
وای لە ڕژانی خەون و
کۆکردنەوەی پەرتبوون
پەرتبوونی خەیاڵ و
کەرتکەرتبوون

بەردێک
دوای بینینی مرۆڤێک
تەماشایەکی خۆی کردو
گوتی:
ئۆی.. من چەند نەرمم

سەفەر دەکەین ..ناگەینەجێ
سەفەر ناکەین و لێرە نامێنینەوە
سەفەر بکەین !
سەفەر نەکەین!
سەفەر شیرینە وەک ژەهر
تاڵە وەک هەنگوینی کوێستان
سەفەر سەرمان پێ هەڵدەگرێ و
سەفەر سەرمان پێ دادەنێ
سەفەر
نازانم خۆشم
بوێ!
نەوێ!

سەربازێکم بێ ژەنەراڵ
پێڵاوەکانم روو لەکوێن
رووم لەوێیە
پێڵاوەکانم خۆشدەوێ
پێڵاو گاڵتە نییە
نا
وەک ژەنەراڵ گاڵتە نییە

وەچەی خێڵێکی سەیرین ئێمە
هەموو ڕۆژێ
ژیان تەڵاقماندەدات و
مردن
مارەبەجاش
هەموو شەوێک
مردن تەڵاقماندەدات و
ژیان دیسان مارە بەجاش
وەچەی خێڵێکی چەند سەیرین

لەسەر ئەستێرەیەک
بازمدایە سەر ئەستێرەیەکی دیکە
تاکێک پێڵاوم لێ جێما
ئێستا ناچارم
نیشتیمان وەک تاکێک پێڵاو لەپێبکەم
من نەمدەزانی نیشتیمان بۆ پێڵاو دەشێ
تا ئەوکاتەی
سەردارە نیشتمانییەکان فێریانکردم

ئەم هەموو جەنگەم تێپەڕاندو نەکوژرام
لەم هەموو دەریایەم داو نەخنکام
بەم هەموو برسێتییەوە
نەهاتیی سالآنم جێهێشت و نەمردم
ئێستا تەنها تۆزێک ماندووم و
کەمێک یادگەم دێشێ
دلْنیام دواجار
کۆترێک رۆحم دەکێشێ

به گەڵا وەریوەکان دەڵێن مردوو
کەچی ئەوان
لە ئێمەی زیندوو
جوانتر سەما دەکەن
دەبێ ئێمە
چ مردوویەک بین.. یارەب

به چەکەوە دەچم بۆ شەڕ
چەکی من چەترێکە هێندەی دونیا
کە دەزانم ئەم دونیایە
بۆ ئەوە ناشێ
سپیاتیی بەفر و
نەرمی باران داپۆشن
بە چەترەوە دەچم بۆ شەڕ
دژی هەر کڵۆبەفرو
هەر دڵۆپە بارانێک

باڵندەیەکی قاچاغ
لەئاسمانێکی قاچاغ
سەفەرێکی قاچاغ دەکات
ڕاوچییەکی ئازاد
لەئاسمانێکی ئازاد
دەستڕێژێکی ئازاد بەرەڵڵا دەکات
مێژوو
چەند زەلیل
دەستی بە چەناگەیەوە لکاوە

ژیان تێکوپێکچووە
بە مردنیش چاکنابێتەوە

وڵاتم ناونرا بەهەشت
هەموو ئەو دۆزەخییانەی کتێبەکان پێیان ناساندبووین
لەوێدا
بەهەشتیان بەکرێ دەدا

تاریک
تاریک
تاریک
تاریکییەکی دەریایی
لە دوورەدەستێکدا
رۆشناییەکی
کزی
کانیلەیی و
کەمێک ئاو بێنە و
دەستت بشۆ
ئەگەر ئاوەکە بەشیشی نەکرد
تەیەمموم
بەڵام بە خۆڵی نیشتمان نا
با دەزنوێژی شکاو
لەوە وردوخاشتر نەبێ

ژیان بە هەموو
سات و
ساڵ و
سزاو
سێبەرەکانیەوە
لەبەر دەرگای ژووری شادی دەوەستێت و
چاوەڕێی عەفوو عامێکە
بۆخۆی نا
بۆ مردن

خەونی خۆم
دڵۆپ دڵۆپ ڕژاندە ناو خەوننامە
ئەوەی لە دواین لاپەڕەیدا هاتەدەر
تەنها خەونێکیتر بوو
کە نەمزانی مانای چییە

ژیان قوونەخشکێیەتی
من
بەدوای ئەوکیسەڵەدا وێڵم
چەند ساڵێک لەمەوبەر
نەیویست بمرێ
ئەو
ئێستا رووی خۆیم نیشان نادا
تۆ
وادەزانی من و ئەو
جمکین

جاروبار دەبم بەخۆم
هەمیشە بەخۆت نامۆی
وەختە بڵێم
هیچ شتێ لە جێی خۆی نیە
وەختە بڵێم
هەموو شتێ لە شوێنی خۆیدا چەقیوە
وەختە بڵێم
ناتوانم هیچ بڵێم
وەختە بگەمە کۆتاییی
هەموو کۆتاییەکی بێ سەرەتا

پشیلە نەبووم
بەڵام
سەگەکانی ئەم وڵاتە
هەتیوترین هەتیوکەوتووی
جێهێڵراوی ژێر قەڵەمڕەوی خودا بوون

لەسەر چەند بەردێک کڕدەکەوم
شێوەیان لە هێلکە بچێ
بەردەکان بەخشندەترن
تەنانەت گەر شێوەیان لە هێلکەش نەچێ
کێشە نیە
هێلکەکان هی دایناسۆر بن
یان هی سۆفە قیتە
من لەسەریان کڕدەکەوم
با مریشکیش نەبم

چوومە بەردەم
مردووەکانی ناودارترین گۆڕستانی شارەکەم
پێمگوتن بۆ
خۆتان چوونە بەهەشت و
ئێمەشتان جێهێشت لە جەهەننەم؟

# دەفتەری ژن

ئەوکاتەی ژن خۆی دەشوا
حەزدەکەم ئاو بم
ئەوکاتەی ژن گۆرانی دەڵێ
حەزدەکەم هەوا بم
ئەوکاتەی ژن پیاسە دەکا
حەزدەکەم خاک بم
ئەوکاتەی ژنێک
لەپێناوی نیشتماندا شەهید دەبێ
هەستدەکەم هەموومان لاڵین

خوا منی خۆشدەوێت و
منیش هەموو مەخلووقەکانی
ئەی ژن تۆش
مەخلووخی نازداری خودای

لەگەڵ بادا دەهەژێن
گەڵاکانی درەختەکەی سەرەڕێ نا
تاڵەکانی پرچی ئەو
جوان جوان دەڕژێ
شیعرم بەسەر تاڵەکانی پرچی ئەو
دەبا بڕژێ شیعرم بەسەر تاڵەکانی پرچی ئەو

ژن ڕەگێکی دەچێتەوە سەر مەی
پیاو ڕەگێکی دەچێتەوە سەر با
ئەمە
حیکمەتی مەستیی من و
سەمای پرچی ژنانە

ژن
ژیاتر لە نیوەی لێ سەندووم
من
کەمتر لە نیوەم لا ماوە
گەر ژن نەبێ
ئەی ئەم کەمتر لە نیوەیەم
بدەم بە کێ

دەمەوێ ژیان رەنگ بکەم
رەنگی رەشم دەستناکەوێ
پەنا بۆ پرچی ژن و
شەو دەبەم

# دەفتەری مەی

مەستانە ڕێ دەبڕم و
وردە وردە شوێنپێکان هەڵدەگرمەوە
هەڵیاندەگرمەوەو.. دەیانبەمەوە ماڵ
ماڵەکەم پڕ بووە لە شوێنپێ
شوێنپێی
منداڵانی سواڵکەر
کچانی جوان
کاسبکارانی شار
ژنانی دووگیان
لۆتی و سەرسەرییەکان
بێگانەی سەد شارو وڵات
شاعیروفیتەرو پۆلیس و...
ماڵەکەم پڕە لە شوێنپێ
لە ناویاندا
شوێنپێکانی یەکێکم خستۆتە چوارچێوەوە

هەر بڕۆو هەر نابڕێتەوە
ئەو ڕێگایەی بۆ لای من دێ
لەدۆزەخەوەنا، لەبەهەشت
گوێم لەگۆرانییەکی مەستە
چەند شادە ئەوەی  بەهەشتی لێ دەسێنن و
گۆرانییەکی مەستی پێدەدەن

هێشتا وەخت ماوە بۆ هەڵدانی پێکێکیترو
گوتنی گۆرانییەکیتر
هێشتا وەخت ماوە بۆ نووسینی چەند وشەکیتر
بۆ چیرۆکی مەستبوون
هێشتا وەخت ماوە
بەڵام
خەون دەرگای هەستم دەکوتێ
دڵنیام گەر نەیکەمەوە دەیشکێنێ

پەنجەکانم
لەسەر سێ کونی شووشەی ڤۆدگاکە
دەڵێی پەنجەکانی قالە مەڕەیە
لەسەر کونەکانی شمشاڵەکەی
کە هەردووکیان مەستم دەکەن
مەست مەست

شتێک وەک داکوتانی ئەستێرە بە ئاسمان
وەک رنینی شەمامەی باخەڵی با
لەوکاتەی دەمەوێ بە باران بتنووسم
وەک داکشانی نەیزەکێک لە تاریکایی شەونا
لە پەناوپێچە تاریکەکانی تەمەنم
پێمدەڵێ
لەوکاتەی کە هەموو شتێ هی تۆیە خۆت نەبێ
مەستیت باش

پەرداخێک
نازانم چەند ساڵ و مانگ و رۆژو سەعات و چرکەیە
وەک یارێک لێوی دەنێ بە لێومەوە
وەک دایکێک شیری مەمکیم پێدەدا
وەک خوشکێک چاوەڕێ دەکات
ئێوارە بێمەوە ماڵ
وەک خۆم
کە خووم پێوە گرتووە
ماچی بکەم
وەک ماچی هەموو ئێوارەکان
پەرداخێک.. وەک هیچ پەرداخێک نییەو
کەس وەک من نایناسێ
کەس وەک من هۆگری نەبووە!

یەکەمین پێکی ئەمساڵم
بە دووایین پێکی پارمی گوت
لەنێوانی من و تۆدا
مەستێک هەیە
هەمیشە عەوداڵی عیشق و
جوانی و
( مەی )ە

بەرانبەرم شووشەیەکی مەیلەو پڕ
تەنیشتم شووشەیەکی بەتاڵ
پشتم تەلارێک لە شووشە
شووشەکان
هەمیشە
لە کۆڵانەکانی مردنەوە
دەمگەڕێننەوە
بەرەو
ئۆتۆبانەکانی ژیان

پێکێک
لەسەر مێزێک
جێماوە
کەسێک
ئەمشەو نەهاتووە
مەیگێڕانی مەیخانە
دەستی بۆ نابەن
هەڵیناگرن
چاوەڕێن شەو بێتەوە
تا دیسان ئەو بێتەوە

بۆ هاوڕێی کۆچکردووم جەمال حوسێن

# دەفتەری وەڕسی

دەچمەوە ناو باخ و بەهەشتەکەی جاران
دەچمەوە لای کانی و درەختی بناران
دەچمەوە دوێنێ و واوەتر
دەچمەوە شوێنێک زۆر لێرە
پاگژتر و رازاوەتر
دەچمەوە شوێنێک کە شوێنە
وەکو ئێرە ناشوێن نیە
شوێنێک زەوین و ژێرزەوین
ئەملا و ئەولا
هەر جوێن نیە
هەر خوێن نیە
دەچمەوە و
تەنانەت
فانیلەی عەللاگەو
مایۆکەشم نابەم
من ئەوێم جێهێشتووە.. ئەوێ
من
دەچمەوە ئەوێ

دێت و دەچێ
وەک تێکچوونی سەعاتێک
کە فشەی بە کات بێ
رادەوەستێ
وەک جۆللانەیەک
کە منداڵێکی لاساری هەڵگرتبێ
ژیان هەمووی هاتوچوون و راوەستانە
من نە دێم و دەچم
نە رادەوەستم
من
لە باری سێیەمدام!

لە(سبەینێ)وە دێم و
بەرەو (دوێنێ) دەڕۆم
تەنانەت یەک دەقیقەش
لە( ئەمڕۆ ) نامێنمەوە

هەموو دنیاش بڵێ نا
من هەر لە خێڵی تەنیاییم
ئیتر باسی چیم بۆ دەکەن!!

شوێنێک نیە
جگە لە باریکایی ئەم ڕێگا ڕووت و قووتە
هیلاکیمی تیا بنێژم
خودایە!
یا دڵی من فراوانتر بکە
یا باریکایی ئەم ڕێگا ڕووت و قووتە
باریک
باریک
باریک بکەرەوە
با نەمێنێ!!!

چۆڕ چۆڕ دادەچۆڕێمە سەر
سەکۆی ساردی نائومێدی
خەون دەمباتە بەر ڕێژنەی
ڕەنگە ڕژاوەکانی ڕابردووم
هەموو ڕێگاکانی دنیا
هەموو پرسیارو ڕامانەکانم
نابن بەهیچ
ژیانەو
ئاوی خۆی ئاوها دەڕێژێ

هەولێر کراسێک بوو پڕ بەبەرم
هەولێر کراسێکە پڕ بەبەرم
هەولێر کراسیک نەبێ پڕ بەبەرم
دایدەکەنم

هیچم نیە بیڵێم
بۆیە بێدەنگیی خۆم دەنووسمەوەو
وێنەی
ساڵانێک پێش لەدایکبوونی خۆم دەگرم
رەنگە شتێکم لەبیرچووبێ
لەو هەموو شتانەی نەمگوتن
ئێستا دەمەوێ شتێک بڵێم
کە نازانم چیە

دڵم بۆ شتێک لێدەدا
خەون بە شتێکەوە دەبینم
شتێک هەیە
دەمەوێ بیگرم و بیخەمە ناو لانکی شیعر
شتێک لێم بۆتە مەراق و
مەراق سەرتاپێی ژیانمی داگیرو تاڵان کردووە
ئێستا
من
شتێک لەکوێ بدۆزمەوە

من خەونی کەسێکیترم
کەسێک
نازانم ئێستا
ئێسقانەکانی لەکوێیە
ناشزانم سبەی
کێ دەبێتە خەونی من
تا لەسەر ئێسقانەکانم بنووسم
دیارییە بۆ....

جیهان گۆڕستانێکی گەورەیە
مردووەکان خۆیان تێدا شاردۆتەوەو
لە تەنیاییدا ماوم
مردوویێکم دەستناکەوێ
ئەو نهێنییانەی بۆ بدرکێنم
کە بۆ زیندووەکانم نەدرکاندوون
زیندوویێکی تەنهای
وێڵ و ماندوو
بەدوای مردوویێک
منم
منی بێچارە

دەچمە شوێنێک
خوا
ڕەنگێک یان
هەموو ڕەنگە جوانەکانی خۆیم پێ ببەخشێ
دەچمە شوێنێک
یار
خەندەیەک یان
هەموو تریقانەوەکانی خۆیم پێ ببەخشێ
وەڕس و بێزارم
لێرە .. وەڕس و بێزار

دوور لە بینین
دوورتر لە نەبینین
تابووتی تەمەننا بەشان
بارم قورس و
ڕێگا دوورو
مەرگ نزیک
خەون لە کوێ
وەک بەدمەستێک کەوتووە؟

له دەرەوەی ژیانەوە تێیدەڕوانم
پڕە لە مردن
لەدەرەوەی مردنەوە تێیدەڕوام
چۆرێک ژیان
چ دەستێکیان لێوەشاندووین، ئەم دوو دژە
کە هیچ لەوە ناچێ دوو دژ بن
یان
نەبن

هەڵدێم لە رووناکی
سەری خۆم هەڵدەگرم و
ناشوێنێک هەر دەبێ
هەناسەکانمی بە ئەمانەت لا دانێم
کیسەخەوێک هەر دەبێ
بەختی خۆمی تیا بنوینم
لە ئاسمانەوە تا رێسمانماڵی منە

نازانم نیشتمان چ کارێکی پێمە
ناشزانم من چ کارێکم بە نیشتمانە
هەردووکمان وەک دوو سەگی بەرەڵڵا
بە کووچەو کۆڵانەکانی نائومێدی پیاسە دەکەین
پیاسە دەکەین و
جاروبار رووبەڕووی یەکتر تێدەپەڕین
تێدەپەڕین و
ناتوانین باوەش بۆ یەکتر بکەینەوە
لەبەر دڵرەقیی تۆ نا .. نیشتمان
لەبەر دڵرەقیی منیش .. نا

دەنگی قورینگان نایێ
بۆیە
گوێ لە ماملێ دەگرم
بەڵکو خوایە
دەنگی قورینگان بێ لە هەوا
بڵێن کوێستانچی دێنەوە

تاقەتم نیە لەبەر دەرگا بوەستم و
سڵاوێک لە دراوسێکەم بکەم
تاقەتم نیە سەردانی کەس بکەم و
فەرشی سوور بۆ هیچ کەس راخەم
تاقەتم نیە جەژنی ناجەژنی کەس پیرۆز بکەم و
ماچی بێهەست بەکەس بدەم
بۆیە
ساڵ دوازدە مانگ
خۆم لەناو پێچوپەناکانی شیعرو شەراب دەشێرمەوە

رۆژ تا ئێوارە کار دەکەم
ئێوارە تا نیوەی شەو دەخۆمەوە
نیوەی شەو تا بەیانی
دەچمە باوەشی ژنەکەم
بەیانی
تا
بەیانییەکیتر
تووڕەیی خۆم
بەسەر خەڵک و
خوا و
نیشتیمان و
سەرۆک و
بنۆک هەڵدەڕێژم
کە ئەوان گوێم لێنەگرن
یان کەڕ بن
من چیبکەم؟!

بمکەن بە شتێکی لەهیچنەچوو
نامەوێ لەهیچ بچم
ناومبنێن ناکەس
لەگشت کەسەکان بێزارم
تێمهەڵدەنە تاریکستان
سەبووریم تەنها بە رەنگی رەش دێ

هیچ شوێنێک نەماوە بۆ من
هەر چوار لام دۆستە و
هەر هەشت لام دوژمن

لەگەڵ نیشتمان ئاشت نابمەوە
تا ژیانم پێ نەبەخشێتەوە
مردوو کەی مانای ئاشتی دەزانێ
تا کوژراوێکی دەستی نیشتیمان بیزانێ

نیشتیمان
وەکو جاران
تامی هەناری مێخۆش و
بۆنی ڕێحانی لێ نایە
نیشتیمان شۆخەژنێکە
نە دەستم لێی بەردەبێ
نە دڵ
نە دەتوانم بەهانەیەک بدۆزمەوە
سێ تەڵاقی بنێمەدەست

ڕۆژەکانمان لۆکە نین
بەردن
من
هەر ڕۆژ بەردێک
دەخەمە ناو بەردەقانی و
دەیهاوێژم
بەردەکانم تەواو نابن
بەرد
هەمیشە
بەرد لەدوای بەرد

ژیانم خۆشدەوێت و حەزدەکەم زۆر بژیم
حەزدەکەم تەمەنم وەک لاستیک راکێشم و
درێژ درێژی بکەمەوە
حەزدەکەم هەرچی هەمەو نیمە
لەسەر دوورخستنەوەی ئەو دەرد و بەڵایانەی دانێم
کە وەک دووپشک بەدوامدا دەگەڕێن
ژیانم خۆشدەوێت و حەزدەکەم زۆر بژیم
کەچی کە چاویلکە وردبینەکەم لەچاو دەکەم و
تەماشای ژیان دەکەم
لە خۆشویستنی ژیان پەژیمان دەبمەوە

شەو زێدمەو
لە تاریکایی ڕاهاتووم
ڕۆشناییەک ڕاومدەنێ
سێبەرەکەم ڕادەکات و بەدوایەوەم
ڕاومدەنێ و
ڕادەکات و
بەدوایەوەم و
نایگەمێ
شەو زێدمەو
من
زێدم نیە

# دەفتەری سۆز

شەڕ هات
با ئێمە بڕۆین
هەرچی هەیە بەجێبهێڵین
تەنها کفنەکانمان ببەین
من
گۆزەیەک شەراب و
تەمبوورێکیش دێنم
ژیان کورتیش بێ
بێ شەراب و
گۆرانی
ناچێتە سەر

پیاوێك لە توخمی ئاو
هەمیشە لە حەوزی وشە
خۆی بەجوانی بسمیل دەكات
پیاوێك لة توخمی جوانی
هەمیشە لە باڵكۆنی شیعرەوە
لە ئاو رادەمێنێت و
وشەكانی پێدەناسێنێ
پیاوێك
زەمەنێك لە تەماشاكردنی ئاو بە رۆژوو بوو
هاوڕێ
رۆژووی هەڵدانت بشكێنە
ئاو قورسیش بێ رەزای سووكە

بۆ موتەلیب عەبدوڵڵا

که له ماڵی کهووله‌وه گه‌ڕایه‌وه
سه‌رێک له ژووره‌که‌م بده
شیعرێکی ته‌واونه‌کراو له‌سه‌ر مێزه‌که‌مه
پێکێکیش ته‌نها قومێکیم خواردۆته‌وه
ئاخر دوای شه‌ودره‌نگان بوو
خه‌یاڵ خستمیه خه‌ڵوه‌ت و
ره‌نگی شه‌راب و شیعرم گرت
پێت نه‌گوتم
چۆن ده‌نگی منت ژنه‌وت و
شیعرێکی مه‌ست و خه‌رابت
کرده گواره‌ی سه‌گه جوانه‌کانی جه‌ننه‌ت

بۆ پەرویزی زەبیح غولامی

گوڵەباخ دەتناسم
دەتناسم و دەزانم
سێبەرت لێرەو خۆت لەوێ
گوڵەباخ نامناسیت
نامناسیت و نازانیت
من بێ تۆ
نە سێبەرم هەیە نە خۆم

عاشق بۆ مەعشووقی نووسی:
کە پەنجەم نا بە زەنگەوە
تۆ گوێ لە کامەیان دەگریت؟
زرینگەی زەنگی ژوورەوە
یا ترپەی دڵەکوتەی من

کەسێک دێت و
من لێرە نیم
نامەیەکم بۆ جێدێڵێ
نایکەمەوەو
هەتا مردن هەڵیدەگرم

دوو هەنار لە یەکتر tووڕەن
ئەمیان لەناو ئەم دەستەم و
ئەویان لەناو دەستەکەیدیم
دەمەوێ ئاشتیانبکەمەوە

منداڵەکان گەورەبوون
گەنجەکان پیربوون
پیرەکان زۆریان مردن و
تاک و تەراش وەکو بنێشت بە ژیانەوە نووساون
کەچی من
هەر منداڵە گرینۆکەکەی جارانم

عەشق هیچ ئاینیکی نیە
بەڵام
چەندین زمان و
چەندین نیشانەو
چەندین برین و
تەنها یەک خوای هەیە

ماندووە وەک دەستەکانی من
جوانە وەک ئێوارەکانی من
خۆشە وەک خەونەکانی من
پڕە وەک پێکەکانی من
ئەرێ تۆ چیت؟
لە هەموو
بوون و
نەبوونی من دەچیت.

دەیویست کۆلارە بفڕێنێ
بردمەماڵی پایز:گوتم
گەڵاکان بفڕێنەو
تەماشای فڕینیان بکە
بردمە ماڵی پایزو
من
بەتەنیا هاتمەوە

ئێوارەیەک
ئاسمان سپی سپی
کەسێک دێ
نایناسم
نامناسێ
ئێوارەیەک
من و یەکتر نەناسین
لە نێوان ئاوابوون
و
نەبوونی ڕۆژ
یەکتر دەناسین
ئێوارەیەک..

هیچ شوونهەڵگرێک مەهێنن
شوێنی من هەمیشە دیارە
تاوێک دەستەویەخەی نانم
تاوێک باسکم
بالیفی ژێر ملی یارە

با
له نهێنیی پرچ دەگا
خاک
دەنگی پێی ئەسپەکان دەناسێتەوە
دەریا
دەتوانێ خەونی ماسی لێکبداتەوە
ئاسمان
دەزانێ شاگەشکەیی منداڵ
لەکاتی هەڵدانی پووشکاغەز بپێوێ
تەنها من
بەدیاریانەوە ئەبڵەق دەمێنم
من
کە هەمیشە بە خوێندنەوەی
نەزانراوەکانەوە سەرقاڵم

ئەوەندە دەستی لێدەدەم و
ئەوەندە دەیگوشم
دەترسم لە ناکاوێک
مەمک
وەک نارنجۆک
لەناو دەستمدا
ب
ت
ە
ق
ێ
ت
ە
و
ە
.

باران لێیدام
بارانی سەربەکڵاوە لێیدام
بارانی سەربەکڵاوە نەرم نەرمی کردمەوە
بارانی سەربەکڵاوە نەرم نەرمی کردمەوە و
ئێستا دەمەوێ ببمە پەیامبەر
ئێستا دەمەوێ ببمە پەیامبەر و
هەر رۆژێک
ئایەتێکی بارانتان بۆ بخوێنمەوە
باران لێیدام..

دایکەکانمان چەند جوانن
قژیان سپی سپی
دەڵێی بەفری تازەباریوی کوێستانن
چاویان کز کز
وەک گڵۆپە نیوەخامۆشەکانی نیوەی شەو
دڵیان پڕ پڕە لە میهر و
لۆچەکانی روخساریشیان
وەک پەناگەی ئەورۆژانەن
ژیانیان پێدەداینەوە
ئامێزیان گەرم گەرم
وەک هی ئەو خانەخوێیانەن
شەو لە ماڵیان دەماینەوە
دایکەکانمان..

با
که هەڵدەکا
تەنها دڵی بەوە دادەکەوێ
بەر قژی
جوانی وەک بژی
ژن بکەوێ
یا
کۆللارەی منداڵێک
بۆ بەرزایی ئاسمان ببا
با
که هەڵدەکا
بەدوای درەختێکی کلۆردا دەگەڕێ
تا وەک شمشاڵ فووی تێبکا
با هەمیشە
با هەڵبکا

حەز دەکەم لەگەڵ کەسێک
کەسێک
بۆ ئەوە خولّقابێ ببێتە هاوڕێم
بێدەنگ
ڕووبەڕوو
دانیشین و
تەنها چاوەکانمان دەنگیان بێ
من حەزم لە گۆرانییەو
چاوەکان گۆرانی جوانتر دەڵێن

قەڵەمێکی دار
کە هی سەردەمی منداڵیمە
تەمەنم دەنووسێتەوە
قەڵەمێکی دار
گەڵا.. گەڵا
دارو درەختی هەبوونم رووت دەکاتەوە
قەڵەمێکی دار
نازانم بۆ
نامکاتە ساقۆ
بۆقەڵەمێکیتر
تا
دڵۆپ .. دڵۆپ
ئەو رووبارە خوینانە بنووسمەوە
کە لەپێناوی عەشقدا دەڕژێن
پارچە .. پارچە
چیرۆکی ئەو نانانە بگێڕمەوە
کە ناگەنە دەمی برسییەکانی دنیا

# دەفتەری تۆ

سەرەتا تۆ
کۆتایی هەر تۆ
حەزدەکەم شوێنێکم هەبێ
لە نێوانی تۆ

تۆ لەم تاریکییەدا
چۆن وەها دەدرەوشێیتەوە
من لەم ڕووناکییەدا
چۆن وەها
تاریک
تاریک
تاریکم
کە خۆم و تۆ
کە خۆم و ئەو
کە خۆم و خوا
لە یەکتر جیا ناکەمەوە

دێیت
تێدەپەڕیت
لەچاوان ون دەبیت
بەڵام
سێبەرت بەسەر شەقام و دیوارەکاندا چاپ دەبێ
ئەوەی من دەینووسمەوە
هەر ئەو سێبەرانەن
کە لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە

هەوا خۆش بوو
بێ چەتر چوویتە دەرەوە
من نەرمە بارانێکم نارد
تا بەقژتەوە
دەنک دەنک ببێتە زەنگیانە

ئەرێ کەسێک سەفەر ناکات
تا پێیبڵێم خوداحافیز
حەزم لە خواحافیزییە
دەمەوێ کەسێک سەفەر بکات و
بڵێم خوداحافیز
دەمەوێ خۆم سەفەر بکەم و
بڵێم خوداحافیز
تەنها تۆ سەفەر مەکەو
حەزم لە خواحافیزی نیە

حەزم لە بێدەنگیە
بێدەنگ دادەنیشم
بێدەنگ لەگەڵ وشەکانی ناو کتێبە جوانەکان پیاسە
دەکەم
بێدەنگ بێدەنگیەکانم کۆدەکەمەوە
بێدەنگ دەڕوانمە دوورترین ئەستێرەو
نزیکترین کەس کە خۆمم
تەنها لەگەڵ تۆ
حەزدەکەم دەنگت دامپۆشێت و
مرچەی ماچمان بگاتە کەشکەڵانی فەلەک

لەبەر ڕەنگی پایز
دڵم نایە ببمەباران
لەبەر بۆنی هەناسەی تۆ
دڵم نایە ببمەگوڵ
لەبەر کۆڵلارەی منداڵیم
دڵم نایە بە با بڵێم
بە ڕوخسەت تۆزێ بوەستە
لەبەر عەشق
تەنها لەبەر عەشق
دڵم نایە بمرم

نایەتەوەبیرم
یەکەمینجار کەتۆم بینی
کراسی بەرت چ رەنگێک بوو
ئێستا ئەو رەنگەم لا جوانە

نایەتەوەبیرم
یەکەمینجار کەتۆم دواند
یەکەمین وشەی تۆ چی بوو
ئیستا ئاوازی ئەو وشەیەم لا خۆشە

نایەتەوەبیرم
یەکەمینجار شیعری خۆم بۆتۆ خوێندەوە
کامەشیعری خۆشبەختم بوو
ئێستا من بەدوای ئەو شیعرەمدا دەگەڕێم
بیدۆزمەوە..
دەیکەمە کتێبی پیرۆزی لانک و گۆڕ

تۆ هەمیشە لە باران دەچیت
من هەمیشە بەبێ چەتر
بە کۆڵانەکانی تەمەن تێپەڕیوم
تۆ هەمیشە لە چەتر دەچیت
من هەمیشە گەرمەتاوی ساڵەکانم
لەسایەی تۆ
سپاردۆتە تاقچەکانی یادەوەری
تۆ هەمیشە لەخۆت دەچیت...

ڕەنگەکانی خۆم ونکرد
ئێستا ڕەنگەکانی تۆ بەکار دێنم
هاوڕێکانم نامناسنەوەو
تۆش
منت لێ بۆتە خۆت
هاوڕێکانم نامناسنەوەو
تۆش
ناوتناوم پەلکە زێڕینە
ئەرێ..!
پەلکە زێڕینە ناوی خۆی دەزانێ؟!

(وەک قومری سەربالّم شینە)
بەم باڵە شینانەمەوە دەفڕم
چەند ساڵە فڕین کارمەو تۆ نامبینیت
تۆ نامبینیت تا بزانی من شینترم یان ئاسمان
تۆ نامبینیت تا بزانی من نزیکترم یان ئاسمان
تۆ کێی؟
کە جارێ
تەنها جارێ نامبینی
یا لە بینینی من هەڵدێی

گەلێکم گوت هیچت نەبیست.. وانابێ
هەرچی بکەم بێمروەتیت چانابی
گوتم نەکەی.. باران بەهەدەر نەدەی
با لەبەریا دەستم لەناو دەستتا بێ

تۆ لە هەمووان جوانتری
کە بە شەرمنییەکی تۆخەوە
تەنیاییم کاڵدەکەیتەوە
تا سەر سنووری نەبوون

هیچم بە دەستەوە نەماوە
جگە لەوەی خۆم بکەم بە شیعرێک و
تۆ بمخوێنیتەوە
چ خۆشە پیاو ببێتە شیعرو
ژنێک بیخوێنێتەوە

تۆ برۆ بۆ بەهەشت
با دۆزەخ بۆ من بێ
خۆشە جاروبار
لە بەرزەخ یەکتر ببینین

رژام
کەسێ نەبوو کۆمکاتەوە
تۆ هاتیت و پەرتترتکردم
خۆم بۆ کۆناکرێتەوە
ناچار
گۆرانییەکی پەرت دەڵێم و
شیعرێک
پێویستیی بە وشە نابێ

بۆئەوەی قەت بێ گۆرانی نەبم
هەمیشە ببە حەرفێکی وشەی دڵخوازی من
کە ناوی تۆیە
من بە ناوی تۆوە دەژیم و
هەر
لە ناوی جوانی تۆشەوە
روخسەت لە ژیان دەخوازم

با هەر وەرزی پێگەینی ترێ نەبێ
من لە چاوەکانی تۆوە
دەزانم
ترێ پێگەییوە

له شوێنێک راوەستە
هەر شوێنێک بێ
وێنەیەکت دەگرم و
دەیدەمە خوا
پێیدەڵێم ئەمە کچی وڵاتەکەی منە
بە پەنجە ناسکۆڵەکانی
قوڕی عەشق
بۆ پەیکەری چاوەڕوانی خۆشدەکات

خۆم بە گەڕان بەدوای تۆدا ماندوو ناکەم
هەر کاتێ غەریبیم کردی
دەستێک دەنێمە سەر دڵم
لەنێو دەستم دەبیتە کەنارییەک و
پێویستیت بە قەفەز نابێ

تۆ لە شیعرێکمەوە بەربوویتەوە
هەڵمگرتیتەوەو
هەر تاڵێکی قژتم
بەسەر باڵی گۆرانییەکی خەمگینەوە
کردە دەنگێکی جادوویی
بۆ ئاوازێکی جاویدان
ئێستا
خەنی.. خەنی
خەون بەخۆمەوە دەبینم

تۆ لە شەوی مندا
تەماشای
ئەستێرە دووردوورەکانی ئاسمان بکە
من لە ڕۆژی تۆدا
لە نزیک نزیکەوە
تەماشای گەردەنت دەکەم

ناوتدەنێم بەیانی
کەچی تۆ
لەپەنجەرەی دوێنێوە
تەماشای من نا
لاکەی دیکەی شیعر دەکەی
ناوتنام ئێستا
کەچی من
هەموو شەڕەکان
بۆ زیندەخەوی بەرەبەیان
هەڵدەگیرسێنم

هەناسەم بۆنی مردنی لێ دێ
لەوە ناچێ ژیان بمکاتەوە بە کوڕی خۆی
وەک هەتیوی بێ سەرپەرشتی نیشتیمان
چاوم لە قاپیی تۆیە
تەنها قاپیی کراوەی تۆ
دەتوانێ
بۆنی مردن لە هەناسەم ببڕێ

من خەونێکی رەش و سپیم هەبوو
تۆ کردتە رەنگاو رەنگ
ئێستا
هەر رەنگێکی تۆ
بۆتە باڵێکی من
من پیاوێکی هەزار باڵم

دەفتەرێکم هەیە بۆ نووسینەوەی تۆ
جێگەت تێیدا نابێتەوە
ئەوەندەی دەتگوشم وەک خۆت
بچووکت دەکەمەوە وەک قۆپیە
وەک بەفر دەتدەمە بەر با
هێشتا
جێگەت تێیدا نابێتەوە
خەمێکی چەند گەورەی.. تۆ

ناوت دەنێم گوڵ
کە دەتبینم
دەبیتەوە بە خونچە

´حەزم لە ڕێگای دوور نیە
بەڵام لەگەڵ تۆ
دووریی ڕێگا
چ نیعمەتێکە

سەدان و هەزاران جار
بەرێگایەکدا رۆیشتووم و
نەمبینیوەتەوە
ئەو رێگایانە نا
کە لەگەڵ تۆ بڕیومن

من کەسێکی سەیرم
تۆش ..

من لەوێم و
تۆ
لێرە بەدوامدا دەگەڕێی
تۆ لەوێیت و من لێرەوە
بێڕەنگیم
بە ڕەنگە جوانەکانی تۆ ڕەنگ دەکەم

بێدەنگیی من
تک تک دەنگی لێ دەتکێت و
دەنگم
بۆ گۆرانی نەبێت
بۆ هیچ ناشێت
لەو کاتەی
تۆ بەسەر پەنجە وردیلەکانتەوە
سەما دەکەیت
من بۆ تۆ
حەزدەکەم سینەم بکەم بە سەکۆ

ئەم دەرگایە بکەرەوە
حەوشەکەتان
بۆنی شیعری منی لێدێ

روو لە ژیان دەوەستم
لە رابردوو رادەمێنم
پێکی خۆم هەڵدەدەم
مردن چ دەزانێ لەکوێم
کە هەمیشە خۆم لە پەنای تۆدا شاردۆتەوە

که پەنجەرە بوو بە شاعیر
دەستیکرد بە نووسینەوەی پەیوەندییەکانی ڕۆژو شەو
که درەخت بوو بە شاعیر
دەستیکرد بە نووسینەوەی پەیوەندییەکانی با و باران
چەند ڕۆژێکە
هەستدەکەم دەبمە شاعیر
بۆیە
بیر لە نووسینەوەی پەیوەندییەکانی
خۆم
و
تۆ
دەکەمەوە

سەرتاپام دەدرەوشێتەوە
کە تۆ تەنها لێوەکانت دەدرەوشێنەوە
پێبکەنە
با بدرەوشێینەوە

شەو پرچی تۆیە
رۆژ هەراسانم دەکات
لە تاریکایی پرچی تۆوە دێمەدەرو
لە رەشایی چاوەکانتەوە
دەچمەوە ژوور
ماندووم بەدەست رەنگی رەشەوەو
دەمرم بێ رەنگی رەش

تۆ نامبینیت
نامبینیت و نازانی
دەمم پڕ شیعرەو دەستم دەف
تۆ نامبینیت
نامبینیت و نازانی
من دوو کەسم
یەکێکیان خۆم و
یەکیان خۆت

وەکئەوەی ئەسپێکی سەرکێش رام بکەی
سووک و ئاسان
هەر شتێک
دەخەیتەوە شوێنەکەی خۆی
تۆ وشیعر
شیعرو تۆ
من و
تۆ و
شیعر !

هەموو شتێک کۆتایی دێ
تەنانەت منیش
کە وەک سەرەتایەکی خەمگین
کۆتاییەکان دەنووسمەوە
وەک کۆتاییەکی ئاڵۆز
دەمەوێ بێمەوە سەرەتا و بڵێم
تۆ لە هەموو سەرەتاکاندا کۆتایی و
لە هەموو کۆتاییەکاندا سەرەتای

بۆئەوەی بێیتەوە
گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە
هەتا تاریکی تاریکتر بێ
تۆ زیاتر دەدرەوشێیتەوە
بدرەوشێوە
بدرەوشێوە
بدرەوشێوە
چما
تاریکتر لەم تاریکییەش هەیە؟

# دەفتەری من

هیچ کاتێک لەبیرم ناچێ
کاتێک بۆ تەنیایی ببڕمەوە
هیچ کاتێک لەبیرم ناچێ
ناوێک لەسەر هەموو ڕۆژەکان بنووسم
هیچ کاتێک لەبیرم ناچێ
خەونەکانم پڕبکەم لە ڕەنگەکانی شەو
هیچ کاتێک لەبیرم ناچێ
هەزارویەک پرسیار داگیرسێنم
مۆمی هەزارویەک مردن بکوژێنمەوە
هەموو کاتێ بیرم دەچێ
چرکەیەک بەدوای خۆمدا بگەڕێم

ماڵەکەم پڕ پڕە لە من
منێک لەبەر دەرگای حەوشە
منێک لە ژووری نوستن
منێک لەسەر مێزی مەی
منێک لە ناو کتێب و مۆمدان و مەرکان
منێک لەناو تاریکی و تەنیایی و رامان
بەڵام هەرگیز شوێنی ئەو منە نازانم
وەک برووسکە خۆی لەناو رۆشنایی شاردۆتەوە

دەمەوێ
لەم وێنەیە بێمە دەرەوە
کە ئەمڕۆ لە دۆزەخدا گرتم و
بچمەوە ناو ئەو وێنە بەهەشتییەی
ساڵانێک بەر لەدایکبوونم گرتوومە

که باخەوانی بەهەشت بووم
مشتێک ئەستێرەم چاند
ساڵەکەی هات بوو
ئەستێرەکانم
بوون بە کاکێشانێک چ کاکێشان
لە کاکێشانەکەی مندا
ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە
چ درەوشانەوەیەک

یەکەمین خەونم بینی و
دواهەمین مەرکانم پڕکرد لە ڕێحان
یەکەمین درەختم کردە هاوڕێ و
دواهەمین ریشۆڵەم بەرەڵڵا کرد
یەکەمین لێوم مژی و
دواهەمین کۆللارەی شیعرم هەڵدا
یەکەمین زمان فێربووم و
دواهەمین پەیامی
هەموو خواوەندەکانم هەڵفڕاند
تەنها تۆ بەمانەتزانی و
منیش هەرئەوەندەم دەویست

دەخەوم
بۆئەوەی خەون ببینم
خەون چوکلێتێکە
لە کاغەزێکی تەنکەوە پێچراوە
هێندە تەنک
هەر بۆ ئەوە باشە
وەک دەنکە حەبێک قووتیدەم

به ریشی ماش و برنجییەوە
منداڵیم لێ نابێتەوە
دێتەوە بیرم
سەردەمێک پیر بووم و
عەشق گەنجی کردمەوە
ئەفسووس
خۆم ناناسمەوە!

نامەوێ بزانم شەو
لە زستانا چەند رەش و
لە هاوینا چەند کورتە
من هەموو شەوەکانی ساڵم
لە چاودا کردۆتە کتێب

منداڵیم دوورکەوتۆتەوە
بۆیە دڵم
بە خەونی مردووش خۆش دەبێ
هێندەم مەستی لێدزراوە
سەبووریم بە شووشەی بەتاڵیش دێ

دەمەویٚ تەرمی خۆم
لەژێر ئەم بەفرە ئەستوورە هەڵگرمەوە
بیبەمەوە بۆماڵەوەو
بە نان گەرمی بکەمەوە
زووە بۆ ناشتنی تەرمێک
که هێشتا هەدای نەداوە

هەنار لە شەرمان سوور سوور هەڵگەڕا
ئەو کاتەی
باخچە فیڵی لێکردم و
من
وەک تاریکییەکی نوورانی
درەوشامەوە

لەخۆم زیادم و
دەڕژێمەوە ناو خۆم
خەون وەک تاڤگەیەکی ئاوەژو
سمێڵەخنچکەیەتی و
ڤایرۆس دەستم پێ بەرزدەکاتەوە

ئەگەر زەوی لەباوەشم بگرێ
دەبم بە خۆڵ
ئەگەر باران نمەیەکیم پێ ببەخشێ
دەبم بە هەور
ئەگەر هاوین بمخاتە ناو تیشێرتێکی عەشقڕەنگ
ئیتر من ماڵێکم دەبێ
لەنێوان چێژ و جوانیدا
خودایە
من داوای هیچیتر ناکەم
زەوی و باران و هاوینم  پێ ببەخشە

منیش دەمرم
وەک ئەوانەی مردن و
ئەوانەی دەمرن
بەڵام من حەزم لە کفن نییە
تکایە
بە رووتی بمنێژن
رووت.. رووت

دڵ
مێش نیە
هەنگە
دڵ
شادیش بێ هەر تەنگە
*
هەموو شتێکیش بەتاڵ بێ
دڵی من
هەمیشە پڕە
*
دڵی من دڵ نیە
شتێکە وەک باران
بەسەر هەموو کەسێکا دەبارێ
ئەگەر ڕێگا لە بارینی نەگرن

تەنها سەرەداوێکم دەوێ
بۆ دۆزینەوەی خۆم
هەزار ڕێگا
هەزار پرسیار
هەزار ڕامان .. نامگەیەنن

ئێوە تامەزرۆی بینینی باڵەکانی بان و من
لە ژێریدا دنیشتووم و
سەرم ناوەتە سەر شانی باران
باڵە کریستاڵییەکانی با
 بە باران رەنگ دەکەم و
ناهێڵم بچێتەوە سەر رەچەلەکی بێڕەنگی
سڵاوی بام پێیە بۆ هەموو نابیناکانی دنیا
نەفرەتی بارانیش بۆ ئەوانەی دەستێکیان چەترەو
دەستێکیش لەناو گیرفانێکی داخراودا ناکرێتەوە

تاریکی
وەک بارانی سەربەکڵاوە دەبارێ
چەتر هەڵنادەم
منداڵدەبمەوەو بەداردوولق
گڵۆپەکان دەشکێنم

دەچمەوە سەر رەچەڵەکی خۆم
بۆیە هێندە لەخۆم دەچم
بە ماچێک دەفڕم و
بە -نا- یەک هەڵدەچم

تاقە گوڵێک بەشی هەناسەکانی من ناکا
چەپکێکیش
تەمەنی خۆم دەخەمە ناو گوڵستانێ
با شای گوڵان
چیرۆکی من لە شوێنێکا جێبهێڵێ
شەهرەزادیش نەتوانێ بچێتەوە سەری

پێکێکی سارد ساردم هەیەو
سووپێکی گەرم گەرم
لێمانگەڕێن
ساردی و گەرمی هەرگیز دوژمنی یەکتر نین
* *
ژینێکی تاڵ تاڵم هەیەو
چەندین خەونی شیرین شیرین
لێمانگەڕێن
تاڵی و شیرینی هەرگیز دوژمنی یەکتر نین
* *
دڵێکی تەڕ تەڕم هەیەو
برینێکیش تەڕ تەڕ
برین برینەو
من منم و
دڵیش دلَ

ویستم چیرۆکێک بنووسم
دەستمپێکرد
دڵخۆشبووم
چەند دڵخۆشبووم !
لە نووسینی چیرۆکێک بوومەوە
کە خوێندمەوە شیعر بوو
خودایە تۆ منت بۆ شیعر خولڵقاندووە
لێم ببوورە.. دەستمخستە کاری تۆوە

حەزم دەکرد نیوەی مانگ هی من بێ
سەرم هەڵبڕی و
مانگ
زۆر لە نیوە بچووکتر بوو

وشە هەیە هێندە سرکە
بۆم ناچێتە ناو رستەوە
ناچارم
واز لە رستە بێنم و
دەست بە وشەوە بگرم

❊

من ئەو وشانەم خۆشدەوێن
کە یاریم لەگەل دەکەن و
بۆم ناگیرێن

هەموو شتێک باشە
تەنانەت منیش
کە لەگەڵ ئەو دەگونجێم و
ئەویش لەگەڵ من

لەبەردەم خۆم راوەستاوم
دەمەوێ خۆمایەتی خڕکەمەوە
لەسەر قاچەکانی خۆمم
دەمەوێ ئاسۆییم لەناو ئەو تابووتە دەربێنم
کە هێشتا
وەک دووکەڵ
بەرز دەبێتەوە
بەرز دەبێتەوەو من
وەک خۆم
نە ستوونی و نە ئاسۆییم

دڵم نایه بژیم
دڵم نایه بمرم
ژیان ومردن هەردووكیان
پەیوەستن بە دڵەوە
بۆیه
بەدوای دڵێكی رەق بۆ ژیان و
دڵێكی نەرم بۆ مردن
دەگەڕێم و . . .

لەگەڵ ڕژانی هەر شتێک کۆدەبمەوە
لەگەڵ کۆبونەوەی هەر شتێک دەڕژێم
هەرچەند دەکەم
ناتوانم لەگەڵ ئەم ژیانە
بگونجێم

یەخەی وشەیەک دەگرم و بەرینادەم
شیرم لەگەڵ وشەکان خواردووە
وشەیەکم هێشتۆتەوە
هەمیشەلەگەڵ یەک وشە چاوبازی دەکەم
وشەیەک
تامی هەموو بێتامییەکانی دنیا دەسڕێتەوە

سوپاس بۆ خۆم
که جاروبار
ئینجانەیەک پڕدەکەم لە خۆڵ و
گوڵێکی ناسکی تیا دەڕوێنم
بۆ ئەوەیماڵەکەم لە دڵڕەقی و
بۆنی ناخۆشی ژیان بپارێزم

مرۆڤێکی ئەندازەییم
قاچەکانم ئاسۆیی و
باڵەکانم ستوونین
بەڵام
لووتم سێگۆشەیی نیە
سەرم هێلکەیی نیە
گلێنەم بازنەیی نیە
*
*
*
مرۆڤێکی ئەندازەییم

من لە پایزێک جێماوم
چاوەڕێی ناشتنی خۆمم
دەبمنێژن
با لە بەهارێکی سووتاو
بڕوێمەوە

سەرقاڵم بە نووسینەوەی مەستنامە
تەنها شەو هاوکاریم دەکا
سەرقاڵم بە شێلانی قوڕی عەشق
بۆ پەیکەری دڵ و دیاری
سەرقاڵم بە فێربوونی زمانی بێدەنگی
لە سەردەمی هاتوهاوار
سەرقاڵم بە هاوێشتنی بەردی نەرم
بۆ چۆلەکە وردیلەکانی
سەر سواندەی ماڵی رۆحم
سەرقاڵم بە سڕینەوەی خۆم
لەناو ئەو گۆرانییانەی جاروبار خەونم تاڵ دەکەن
سەرقاڵم بە سەرقاڵی
سەرقاڵم بە دەستبەتاڵی
سەرقاڵم
سەرقاڵ..